# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە،
لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت،
ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە.
سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

# تاراوگە TARAWGA

# تاراوگە TARAWGA

**30 April . 2019 No. [45]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..**

لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵەوە، لەدیوارەوە بە وایەر تەلەفۆن و ئەنتەرنێت لە هۆڵەندا، ڕاناکێشرێت بۆ ماڵان.! ل 1

گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە! ل 2 و ل 3

چیرۆک و بەسەرهاتی سی و دوو هەزار تورکەکەی سلێمانی، دکتۆر جەبار قادر، ل 4و ل 5

بۆچی گەلی ئەرمەن لە ٢٤ نیساندا یادی جینۆسایدی ١٩١٥ دەکاتەوە؟ بەکر شوانی... ل 6

شاری ئەمستردام، ڕۆژێک دوای جەژنی لەدایک بوونی پادشای هۆڵەندا، موزەفەر جەعفەر.. ل 6

دوو چالاکی ڕۆشنبیری، کورد لە تاراوگە، ل 7 یەکەم: نوسەری کورد ئەنوەر ئەڵمان

بە کتێبە چاپکراوەکانی بەشداری پێشەنگەیەکی کتێب دەکات لە دوسڵدۆرف لە ئەڵمانیا،

دووەم: پێشەنگای شێوەکاری هونەرمەند پاڵە ساڵح لە لاهای- هۆڵەندا

هونەرمەندی کورد: مەهاباد
جەمال ئەشرەف ل 8



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA
بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوالییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

30 April 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 45
30 ئەپریلی 2019

# لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵەوە، لەدیوارەوە بە وایەر تەلەفۆن و ئەنتەرنێت لە هۆڵەندا، ڕاناکێشرێت بۆ ماڵان.......!





ئەمستردام

لە ڕۆژنامەی میترۆی ١٦–٤–٢٠١٦ ەوە

ئەو وایەرە ئاساییەی چەندین ساڵە لە دیوارەوە، هێڵی ئەنتەرنێت و تەلەفۆنمان بۆ فەراهەم دەکات. لە مانگی ئەیلولی ئایندەوە بە هۆی تۆڕی ISDN2 ەوە دابین دەکرێت، وەک دەڵێن ئەو وایەرە دەچێتە مێژووە و دەبێت بە بەشێک لەڕابردوو.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی Tele 2 Business وا چاوەڕوان دەکرێت 50000 کۆمپانیای هۆڵەندی، بە هۆی ئەم پرۆسەیەوە، لە مانگی ئەیلولەوە لە کارکردن بووەستن.

بەڵام ئەو کۆمپانیانە دەبێت لە کاتی گونجاودا، ڕووبەڕووی ئەم کارە ببنەوە، واتە دژی کارپێکردنی ISDN2 بە شێوازێکی کۆتایی بوەستنەوە.

دیارە کۆمپانیاکان ئەلتەرناتیف(جێگرەوە)ی ئەم کارەیان پێش ئەو مانگە بۆ ڕێکناخرێت، کە بگونجێت لەگەڵ مشتەری و بەرهەمهێنەر و کارمەندەکانیاندا.

ڕاپۆرتەکەی Tele2 Business کە لە میترۆدا بڵاوکراوەتەوە، زەنگێکی ترسناکی لێدا، چونکە ڕەنگە بەم هۆیەوە چارەنوسێکی وێرانکەر، تووشی پیاوانی خاوەنکار و سەرمایەداران ببێتەوە، بەهۆی ئەم گۆڕانکارییە پێویستەی تەکنەلۆجیاوە، کە لە تازەکردنەوەی تۆڕی تەلەفۆنی کۆندا دەکرێت.

لە بەهاری ساڵی 2017 وە، بۆ یەکەمجار ڕاگەیەندرا، کە پلاکەکە لە ISDN2 دەکرێتەوە و گۆڕانکارییەکەش لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵدا دەست پێدەکات، هەنگاوەکانیشی چوار بۆ شەش هەفتە دەخایەنێت. ئەوەش دوا کاتی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و هێڵی تەلەفۆنە بەوایەر لە دیوارەوە.



پاشان ئەم وایەرە دەچێتە کتێبی مێژووەوە و بە جێگرەکەی دەبێت بە دیخیتاڵ.

لیون توت بەڕێوەبەری کاروباری بازاڕگەکان بە گاڵتەپێکردنەوە دەڵێت: هەندێک لە کۆمپانیاکان خۆیان ئامادەکردووە، تا جێگرەوەی سیستەمی دیخیتاڵی بەکار بهێنن، ئەگەر ئەمە نەکەن، مەگەر لە ڕێگەی کۆتری پێشبڕکێکەرەوە کارەکانیان ئەنجام بدەن.

لەگەڵ پەیوەندی تەلەفۆنی و ئەنتەرنێتەوە، هەندێ خزمەتگوزاری دیکەش هەن، پەکیان دەکەوێت، کە تا ئێستا لە ڕێگە باوەکەوە (تقلیدی) کاری پێدەکەن، وەک فاکس، کە لە ڕێگەی هێڵی ISDN2 ەوە ئەویش کار دەکات، بەڵام تا ئێستاش ڕۆژانە لە خزمەتگوزاری یاساییی دادگاکاندا هەر شێوە کۆنەکە بەکاردەهێنرێت، یان وەک سیستەمی بانکی و (ئینزار، شووت) هۆشداری ماڵبڕین، ئاگادارکردنەوەی ئاگرکوژێنەوە، تەنانەت ئاسانسوار (مصعد)یش.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی Tele2 Business، کە لە ڕۆژنامەی میترۆدا بڵاوکراوەتەوە دەڵێ: ڕۆژی سێشەممە پێسوو، شوتی ئاگادارکردنەوە بۆ پیاوانی خاوەنکار و کۆمپانیا پەیوەندیدارەکان لێدرا، کەوا چارەنوسێکی وێرانکەر چاوەڕوانیانە، بە هۆی گۆڕینی هێڵی تەلەفۆن و تۆڕی ئەنتەرنێتی کۆنەوە، بۆ سیستەمی دیخیتاڵ بە بێ وایەر.

# گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

لەم ژمارەیەی تاراوگەوە، لەسەر پێشنیاری هاوکارمان ڕۆژنامەنووس کاک بورهان ئەمین، هەوڵدەدەین گۆشەکەی خۆی(هەواڵنامەی ئەڵمانیا)، کە لەواڵی تایبەتی خۆی(فەیسبووک) بڵاوی دەکاتەوە، ئێمەش بڵاوی بکەینەوەدەکەینەوە، کە هەواڵی گرنگ و ڕۆژانەی ئەڵمانیا لەخۆدەگریت. بە پێویستی دەزانین سوپاسی کاک بورهان ئەمین بکەین بۆ ئامادەکردنی ئەم هەواڵانە و هەوڵ و ماندووبوونی ڕۆژنامەنووسیانەی بەڕێزیان.

تاراوگە

## پۆستێکی باڵابۆ مێرکل پێشنیاردەکرێت...



" جان کلود" سەرۆکی کۆمسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا پێشنیاریکردووە، کە دوای تەواوبوونی خولی ئێستای "ئەنجێلا مێرکل"ی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، لە ناو دەزگای یەکێتیی ئەورووپادا پۆستێکی باڵاو شایستە وەربگریت، چونکە بەتوانایە و پۆستی گەورە شایانێتی، جێگەی باسە خولی سەرۆکایەتی جان کلود، لە مانگی ئایاری داهاتوو، بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا تەواو دەبێت و خولی ڕاوێژکاری مێرکڵیش لە ٢٠٢١ کۆتایی دێت، هەروەها لە سەرۆکایەتی (پارتی دیموکراتی کریستیان)یش وازدێنێت.

## سیاسەتمەدارێک داوای پاراستنی ئێزیدیەکان دەکات.




خاتو" ئەنالینا باربوک" سەرۆکی پارتی سەوزی ئەڵمانی لە دیمانەیەکیدا، لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانی DBA داوای لەحکومەتی وڵاتەکەی کرد، کە پرۆژەیەک بۆ پاراستن و گرتنە خۆی ئەو ئێزیدیانە بکات، کە تائێستاش بەهۆی توندوتیژی داعشەوە لەباروودۆخێکی نالەباردا دەژین و ژنان و کچانیان تووشی دەستدرێژی و کوشتوبڕ بونەتەوە، زۆرێک لەوانە سەروماڵیان تێداچووە، ئەو ژنە گوتی دەبێت حکومەتی ئەڵمانی بە بەرنامەیەکی تۆکمە ژمارەیەکی زۆریان بگوازێتەوە، بۆ لای خۆی و سەرلەنوێ بیانخاتەوە سەر ژیانی ئاسایی، بەتایبەتیش ئەو ژن کچانەی، کە لای داعش دەستبەسەر کرابوون. شایانی باسە هەرێمی بادن ڤۆرتمبێرگ کە سەرۆکی حکومەتەکەی "فنفرید کرتشمان"ە و لەپارتی سەوزە، زیاتر لە هەزار ژنی ئێزیدی گواستۆتەوە هەرێمەکە، لەوێ بەخێویان دەکات و دەیانخاتەوە سەر ڕێچکەی ژیانێکی نوێ.

## ئەڵمان لە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل دووردەکەونەوە



کەناڵی یەکی تیڤی ئەڵمانیا ARD ڕاپرسیەکی لەگەڵ هەزارەها هاوڵاتی لە شارە جیاجیاکای ئەڵمانیادا ئەنجام داوە، لەسەر بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل. بۆی دەرکەوتووە، کە سێیەکی ئەڵمان لە چاو دەساڵی ڕابردوودا وازیان لەئۆتۆمبێل هێناوە و هۆیەکانی تری هاتوچۆ بەکاردەهێنن، ٥٠٪ ش پێیان وابووە، کە کەمکردنەوەی قەرەباڵغی لەناو شارەکان و دەرەوە بەکارهێنانی هۆیەکانی گواستنەوەی گشتیە وەک " پاس، شەمەندەفەر،ئوبان، شتراسەبان" ە.

## جێنشینی بەریتانیا سەردانی ئەڵمانیا دەکات.



وابڕیارە لە ٧ ی مانگی داهاتوو، شا "چارلز"ی جێنشینی بەریتانیا و " کامیلا"ی هاوسەری بەسەرلێدانێک بگەنە ئەڵمانیا و مەبەستیانە پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو وڵاتەکە پتەوتر بکەنەوە، بەتایبەتیش لەدوای چوونە دەرەوەیان لەناو یەکێتیی ئەورووپا، بارگرژی لەنێوانیان دروست بووە، شایانی باسە یەکەمین سەردانی کورە گەورەی "ئەلیزابیسی دووەم" ی شاژنی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٦٢ بووە و لەو ماوەیەشدا ٣٠ جار هاتۆتە ئەڵمانیا.

## داتای گەشتیارانی فڕۆکە دەپارێزرێت




بەپێی ڕێککەوتنێکی نێوان وڵاتانی ناو یەکێتیی ئەورووپا لە مانگەکانی داهاتودا، ئەڵمانیا دەستدەکات بە دامەزراندنی فەرمانگەیەک، کە 519 فەرمانبەر کاری تێدادەکەن، بۆ کۆکردنەوەو زانیاری لەسەر ئەوکەسانەی کە بە فڕۆکە گەشتی ئاسمانی دەکەن، ئەوە داتاو زانیاریانەش بۆ ماوەی 5 ساڵ هەڵدەگیرێن و لەگەڵ وڵاتانی تر دەگۆڕدرێنەوە بۆ ڕێگرتن لە تیرۆرسیتان و تاوانباران، ئێستا چەند فەرمانبەرێک لەو دەزگایە، دەستیان بەکارکردن کردووە.

# پاشماوەی گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

## کرێی هاتوچۆی ناوشارەکان گرانتر دەبێت.




فەرمانگەی گواستنەوە و هاتووچۆی ئەڵمانیا پیشبینی دەکات، کە لەماوەی چەند ساڵی ئایندەدا کرێی هاتووچۆی هاوڵاتیان بە هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی نرخەکەی زیاد بکات، چونکە زۆربەی ئەوهۆکارانەی کە بە دیزل کاردەکەن دەبێت بگۆڕدرێن بۆ بەنزین یان کارەبا، تا ژینگە کەمتر پیس بکەن و زۆربەیان نوێ دەکرێنەوە، لەبەر ئەوە، لەوانەیە کرێکانیان گرانتر بێت.

## لەدوای ٢٧ ساڵ بێهۆشی بەئاگایان هێنایەوە.



پیرەژنێکی ئیماراتی لەساڵی ١٩٩١ ەوە بەهۆی ڕوداوی هاتوچۆوە بریندار بوو بوو سەری ئازاری پێگەیشتبوو، لەوساوە توشی بێهۆشی بووە و مێشکی لەکار کەوتوە، ئەمساڵ کەسوکاری لەسەر ئەرکی دیوانی شانشینی ئیماراتی هێنایانە ئەڵمانیا و دوای یەک ساڵ مانەوەی لەنەخۆشخانەیەکی بەرلین و چەند نەشتەرگەریەکی سەری، هۆشی هاتەوە و توانرا چارەسەری بۆ بکەن.

## ژنەپۆلیسێک پاڵەوانی گەورەی ئەڵمانیایە.




" ساندرا برادلی" ٣٠ ساڵ و بەپیشە پۆلیسە لەشاری نۆرەنبێرگ، وەرزشوانی بەرزکردنەوەی قورساییە و لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا توانی ٢٤٠ کیلۆ بەرزبکاتەوە و لۆریەکی ١٨ تۆنیش لەپانتایی ٢٠ مەتر ڕابکێشێت، بۆیە نازناوی پاڵەوانی ئەڵمانیا وەرگرت، ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنیەی ئاخافتنەکەی لەگەڵ کرد، ٢٥ هەزار یۆرۆی پاداشت کرد و کەناڵەکانی میدیایش باسیان کرد.

## هامبۆرگەری ڕووەکی پەیدا بووە.




لەسەرەتای مانگی ئایندە لە هەموو ماگدۆناڵدەکانی ئەڵمانیا MC Donaldes جۆرە هامبۆرگەرێکی تر دەفرۆشرێت، کە لە جیاتی گۆشت بە ڕووەک و سەوزەدروست دەکرێت و پێی دەڵین Big Vegan ١٧٩ کالۆری تێدایە و نرخەکەشی ٣،٧٠ یۆرۆ دەبێت.

## شا جوانی پیشووتری ئەڵمانیا سزادرا.





دادگای شاری هالەی هەرێمی (سەکسۆنیا ئەنهالت) سزای زیندانی چوار ساڵی بەسەر "ئەدریان ئۆرزاخە" شاجوانی پێشوتری ئەڵمانیادا سەپاند، لەبەرئەوەی لە ساڵی ٢٠١٦ لەگەڵ پۆلیسێک بەشەڕ هاتبوو، دوای لێدانی تەققەشی لێ کردبوو، ئەگەر پۆلیسەکە جلی گوللەنەبڕی لەبەردا نەبوایە دەکوژرا، ئەو کەسە سەربە گروپە توندڕەو و ڕەگەزپەرستەکانە و لەبەر ئەمەش دەمەقاڵیی لەگەڵ پۆلیس کردووە. شایانی باسە لە ساڵی ١٩٩٣ ەوە، هەموو ساڵیک لەسەر یەک، جگە لەشاجوانی ژنان هی پیاوانیش هەڵدەبژێردرێت و پێی دەڵین " Mister Germany"، ئەو کەسە لە ساڵی 1998 دا، شاجوان بوو.

## چیتر پارەی ٥٠٠ یۆرۆیی چاپ ناکرێت



بەپێی بڕیاری وڵاتانی ئەندام لەناو یەکێتیی ئەوروپا، ئیدی پارەی 500 یۆرۆیی چیتر چاپ ناکرێت،لەمبارەیەوە بانکی ئەوروپی ڕایگەیاند، کە هۆکاری چاپ نەکردن و نەهێشتنی ئەو پارەیە بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە کە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەتوانن بە ئاسانی بیگوازنەوە یان لەملاو ئەولا یارمەتیان بەو پارەیە بۆبێت، هەروەها ئاسانکاری بۆ ئەو کەس و ناوەندانە دەکات، کە خۆیان لە بەخشینی باج دەدزنەوە، جگەلەوەش بەهۆی بەها زۆرەکەی کەسانی ساختەچی و قۆڵبڕ ژمارەیەکی زۆیان لێ ساختەکردووە و لە بازاڕەکانی جیهان بڵاویان کردۆتەوە، لەهەموو جیهان بڕی ٢٥٤،٥ ملیار یۆرۆ هەیە و خاوەنەکانیان هەر کاتێک بیانەوێت دەتوانن لە بانکەکان بیگۆڕنەوە، بەڵام ئەوەیە لەمەدوا هی تازە چاپ ناکرێت و ناخرێتە بازاڕەوە.

## ڕاستڕەوەکان لەدژی سوریەکان دەوەستنەوە.




دوێنێ گروپە ڕاستڕەوە نازیەکان، لەبەرلینی پایتەخت چەند پۆستەر و دروشمێکیان لەدژی بێگانەکان، لەناو بازاڕ و شوێنەگشتیەکان هەڵواسیوە و بۆ پەنابەرانی سوری نوسیویانە،"بڕۆنەوە ماڵەوە، شەڕ تەواوبووە، سوریا پێویستی پێتانە" لە ژێر پۆستەرەکانیش لۆگۆی بزوتنەوەکەی خۆیان داناوە بە .IBD

# چیرۆک و بەسەرهاتی سی و دوو هەزار تورکەکەی سلێمانی

دکتۆر جەبار قادر- هایلۆ، هۆڵەندا



لە عێراقی سەدام حوسێن و دوای ئەویش شتی سەیر و سەمەرە ڕودەدەن. لەو وڵاتە لێکدانەوە و بۆچوونی وا ئەژنەوین، کە بە هیچ سەنگ و پێوانێک ناپێورێن. لە بەرئەوەی عێراق، وا نزیکەی نیو سەدەیە بۆتە لانەی شەڕ و ئاژاوە و خوێنڕشتن، هەرچەندە پێش ئەوەش ئەو وڵاتە ئاسودەیی بەخۆوە نەبینیووە، دەڵێم بۆیە هەموو شتێ شەڕی خۆی هەیە. لە تەک شەڕی دەستور، فیدیراڵی، مافی ژنان، ڕۆڵی ئیسلام لەو وڵاتە، شەڕی ئامار و ژمارەش تا بڵێی گەرمە. لەم بوارەدا تورکمانەکان هەموو سنورێکیان بەزاندووە. دەڵێی لە قاری بازاڕی قۆریەن، هەر ڕۆژەی شتێ دەڵێن و ئەو ڕێژە و ژمارانەی ڕایدەگەیەنن و بڵاوی دەکەنەوە لە هەڵکشان و دابەزینێکی سەیردان. دەکرێت ئەو ژمارەیە لە سپێدە و سەر لە بەیانی یەک ملیۆن بێ و بۆ ئێوارە خۆی لە سێ ملیۆن و نیو بدا. ڕێژەکەش بە هەمان شێوە دەکرێت لە 2 % بگاتە 13%. زۆر گوێ بە بەڵگە و ئامار و ئەم شتانەش نادەن. زۆر سەخڵەتیان بکەی دەڵێن خەدیجە (دەتوانێ ئەیتان و سۆنگوڵیش بێت)، ناوێک لە یەکێک لە زانکۆکانی لۆندەرە (لەندەن) لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەی بێ غەل و غەشی ئەنجامداوە و ئەوەی ساخکردۆتەوە، کە هەموو ئامار و سەرژمێرییە فەرمییەکانی دەوڵەتی عێراق، لەمەڕ ژمارە و ڕێژەی تورکمان دروست نین. سەیر لەوەدایە ئەم قسە و قسەڵۆک و باڵۆرانە لە سەر ئاستی سیاسی و لە هەموو ئەو بڵاوکراوانەدا، کە لایەنگری لە مافی تورکمان دەکەن وەکو ڕاستیی و فاکتی مێژوویی و جوگرافی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.




هەندێ سیاسەتمەدار و نوسەری شۆڤینی عەرەب بە مەبەستی دژایەتی کردنی مافەکانی کورد و هاندانی تورکمانە توندڕەوەکان، پشتگیری لەو قسانە دەکەن و لێرە و لەوێ وەکو بەڵگە پیشانی دەدەن. ئەم دەردە ئێستا سوریاشی گرتۆتەوە، دوای ئەوەی چیرۆکەکانی عێراق بەرهەمێکی ئەوتۆی نەبوو، ئێستا باس لە ملیۆنەها تورکمانی سوریا دەکەن. ئەوانەی ئەوێش وەکو بەرەی تورکمانی، چونکە لەهەمان سەرچاوە ئاو دەخۆنەوە، کە تورکیایە، هەمان گوتاریان هەیە و بەهەمان شیوە لە دژی کوردی سوریا لەگەڵ دوژمنەکانیاندا هاوپەیمانی دەبەستن و ناوی بزووتنەوەکەیان ڕەش دەکەن.



دەبوایە تورکمانەکان بەر لە لایەنەکانی تر، پەندیان لە مێژووی نزیکی خۆیان لەم بارەیەوە وەرگرتبا، چونکە هەندێ لە کەین و بەینەکانی ئەوڕۆی عێراق و کوردستان، دەقاودەق لەوانەی سەردەمی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و کێشەی موسڵ دەچن. هەندێ جار بریمەر، پێرسی کۆکس و هێنری دۆبس و ئێدمۆندزی وەبیر مرۆڤ دەهێنایەوە. هەروەکو ئەوان لەگەڵ دۆزی کورددا هەڵسوکەوتی دەکرد. تۆ بڵێی پۆڵ بریمەر کتێبەکەی ئێدمۆندزی، کە بە نێوی (کورد و تورک و عەرەب) بە وردی نەخوێندبێتەوە..؟.



هەر بە شێوازی ئەو سەردەمەش گروپە ئەتنیکی و مەزهەبیەکان هەوڵدەدەن، تا پێیان بکرێت ژمارەی هاوزمان و هاومەزەبەکانیان گەورە بکەن و بەزۆریان پیشان بدەن. وڵاتانی دەور و بەریش و لە سەروی هەموویانەوە تورکیا، وەکو ئەو دەمە خەریکی پیلان گێڕان و هەڕەشە و گوڕەشەن. هەڵبەتە کۆمەڵگەی کوردی ئەوڕۆ گەلێ جیاوازە لەهی ئەو سەردەمە. هەستی نەتەوەیی ئەوڕۆ لەگەڵ بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا بەراورد ناکرێت، هەرچەندە مرۆڤ ناتوانێت بڵێ کە لە نەخۆشییە خێڵەکی و ناوچەیی و مەزهەبیەکان ڕزگاری بووە. ئەو کاتەش پرسەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ و ژمارە و ڕێژەکانیان یەکێ لە گرێ کوێرەکان بوو، هەر لایەنەی هەوڵیدەدا بەلای خۆیدا بارەکە دابشکێنێتەوە.

# بەریتانیا وەکو دەوڵەتی خاوەن مەدەنیەت لە عێراق و تورکیا هەوڵیاندەدا شوێن پێی خۆیان لەو ناوچەیە قایم بکەن و زۆرترین بەڵگە و ئامار پێشکەش بکەن، کە دەیانتوانی بۆچوونەکانیان پشتڕاست بکەنەوە....!

ئەو کاتەش تورکەکان وەکو تورکمانەکانی ئەوڕۆ باسی ئامارو ژمارەو ڕێژەی سەیرو سەمەرەیان دەکرد. هەردوولا واتە بەریتانیا وەکو دەوڵەتی خاوەن مەدەنیەت لە عێراق و تورکیا هەوڵیاندەدا شوێن پێی خۆیان لەو ناوچەیە قایم بکەن و زۆرترین بەڵگە و ئامار پێشکەش بکەن، کە دەیانتوانی بۆچوونەکانیان پشتڕاست بکەنەوە. یەکێ لەو بەڵگە و زانیارییە سەیرانەی، کە تورکەکان پێشکەشیان کرد، بە لێژنەی لێکۆڵینەوە لە کێشەی موسڵ و گەلێ پشتیان پێی قایم بوو، ئەوە بوو گوایە لە لیوای سلێمانی (32000) تورک دەژین. سەرچاوەی ئەم زانیارییانەش، وادیارە لایەنگرانی کەمالیەکان بوون لە سلێمانی، بە تایبەتی فەتاح ئەفەنی ژنبرای شێخ مەحمودی حەفید. فەتاح ئەفەنی لەلایەن کەمالیەکانەوە، وەکو نوێنەری لیوای سلێمانی کرابوو بە ئەندامی شاندی تورکی لەو لێژنەیە. ئەو لێژنەیە بەسەرۆکایەتی جەواد پاشا بوو، کە ئەفسەرێکی پایەبەرزی سوپای تورکیا بوو. جەواد پاشا سەرکردایەتی هێزە سەربازییەکانی تورکیای دەکرد، لە بەرەی جەزیرە و سنورەکانی ئەوڕۆی عێراق. لایەنگرێکی سەرسەختی مستەفا کەمال بوو. زۆر کینەی لە هاوپەیمانان هەڵگرتبوو، کە لەکاتی داگیرکردنی ئەستەموڵدا لە ساڵی 1920 دەستگیریان کردبوو، بۆ دورگەی ماڵتەیان دوورخستبۆوە. کەمالییەکان چەند کەسێکی دانیشتووی ناوچەکەیان قایل کردبوو، بۆ ئەوەی بەنێوی لیواکانی ویلایەتی موسڵەوە ببنە ئەندامی شاندی تورک لەو لێژنەیەدا.
لە تەک فەتاح ئەفەنی، کە بە نێوی لیوای سلێمانیەوە بەشداری کردبوو، نازم بەگی نەفتچی زادە بە نێوی لیوای کەرکوک و کامل بەگیش بە نێوی لیوای موسڵەوە جێگەیان لەو شاندەدا گرتبوو.
تورکەکان زۆر هیوایان بەم (نوێنەرانە) هەبوو و پێیان وابوو کە ئەمانە دەتوانن خەڵکی ناوچەکە بەلای تورکدا ڕابکێشن و کێشەی ویلایەتی موسڵ بە قازانجی تورکیا یەکلایی بکەنەوە، دوای ماوەیەکی کەم جەواد پاشا بۆی دەرکەوت، کە دەرفەتی لایەنی تورکی زۆر لاوازە و ئەم نوێنەرانە ڕۆڵی خۆیان گەورە کردووە و ئامار و ژمارەی دوور لە ڕاستیان بە لایەنی تورکی پێشکەش کردووە. هەر زوو بۆی دەرکەوت، کە کار لە کار ترازاوە و ئەمانە هیچیان پێناکرێت و ئینگلیز شوێن پێی خۆی لە ناوچەکە بە تەواوی قایم کردووە. لە گەڵ ئەوەشدا هیوایەکی بە هەڵوێستی لیوای سلێمانی مابوو، کە بە درێژایی ئەو چەند ساڵەی دوایی خەڵکەکەی کێشەی زۆریان



لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئینگلیزدا هەبوو. هەڵبەتە ئەوەشی لەبیر نەدەکرد، کە (32000) تورکەکەی سلێمانی لایەنگری کردنیان لە داخوازییەکانی تورکیا مسۆگەرە!. هەر بەگەیشتنی لیژنەکە بۆ سلێمانی جەواد پاشا عەودالی بینینی ئەو هەموو تورکە بوو. زۆری لا سەیر بوو، کە قەت تووشی بە تووشی تورکێکەوە نەدەبوو، بەتەواوی باوەڕی بە فەتاح ئەفەنی لەق بوو بوو. گەلێ هەوڵیدا هەندێ لە دۆستە کۆنەکانی تورکیا ببینێت، لێ ئەوان چ لەبەر دڵی ئینگلیز و چ بە هۆی سیاسەتی کەمالییەکانەوە لە دژی کورد، ئامادە نەبوون لەگەڵیدا کۆببنەوە.
لەبارەی ئەم (سی و دوو هەزار تورکەی سلێمانیەوە!) ئێدمۆندز بە تەوسەوە ئاماژە بەوە دەکات، کە لایەنی ئینگلیزی بیرخەرەوەیەکی پێشکەشی لێژنەی کێشەی موسڵ کردبوو، پێی لەسەر ئەوە داگرتبوو، کە تەنانەت یەک تورک لە لیوای سلێمانیدا نییە و ئەوان داوا لە لایەنی تورکی دەکەن نەک سی و دوو هەزار تورک بەڵکو یەک تورکیان لە لیوای سلێمانیدا بۆ بدۆزنەوە. ئێدمۆندز زۆر ڕاستی بۆچووە، کە زانیارییەکانی لایەنی تورکی، لەبارەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی سلێمانیەوە نیشانەی گەوجی و بێئاگایی تورکی دەردەخست. هەر بەهەمان شێوەش گاڵتە بە جەواد پاشای بەستەزمان دەکات و دەڵێ گوایە (زۆر دڵی پێی دەسوتا). بەلای ئێدمۆندزەوە ئەو سەرکردە سەربازییەی تورکیا ناچار بوو بەرگری لە دۆزێکی دۆڕاو بکات. ئێدمۆندز بەهەمان تەرز و تەوسەوە ئاماژە بەوە دەکات، کە بۆ پێ ڕابواردن و کات بە سەربردن، لایەنی ئینگلیزی بڕیاریاندا بیرخەرەوەیەکی نوێ بۆ لێژنەی کێشەی موسڵ بنێرن بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەیەک، کە لەنامەی پێشوودیاندا ڕوویدا بوو. لەوێ گوترابوو کە لە لیوای سلێمانیدا تەنانەت یەک تورک نیە، لێ لە دوای گەڕان و لێکۆڵینەوە دەرکەوت، گوایە تورکێکیان لە سلێمانی دۆزیوەتەوە.
ئەو تاقانەیە لە کاتی خۆیدا لە سەربازگەی سوپای ئۆسمانی لە سلێمانی نۆکەر بووە، (لای ئێمە بە واتای خزمەتکار دێ، هەرچەندە نۆکەر لە کاتی خۆیدا نێوی فەرمی سەربازانی ئۆزون حەسەن "حەسەنە درێژ " بووە، لە دەوڵەتی ئاق قۆینلو). ئەو تورکە تاقانەیە، دوایی ژنێکی کوردی خواستووە و لە سلێمانی ماوەتەوە و بە گوتەی ئێدمۆندز ئەو کاتە واتە لە سەرەتای ساڵی 1925دا کرێکاری پاککردنەوە بووە لە شارەکەدا!. بەو شێوەیە چیرۆکی سی و دوو هەزار تورکەکەی سلێمانی بە دۆزینەوەی کارمەندێکی هەژاری پاککردنەوە، لە داروموڵکی باباندا پەردەی بەسەردا دادرایەوە و کۆتایی هات.

# بۆچی گەلی ئەرمەن لە 24 نیساندا یادی جینۆسایدی 1915 دەکاتەوە؟

بەکر شوانی



ڕۆژی ٢٤ی نیسانی ساڵی ١٩١٥ لە ئیستانبوڵ ٢٧٠ کەسایەتیی دیاری ئەرمەن لە ڕووناکبیران و پارێزەران و ڕۆژنامەنووسان و مامۆستایان و زانایان، لەلایەن عوسمانییەکانەوە دەستگیر کران و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا و بە بەرچاوی خەڵکەوە سەریان لە جەستەیان جیا کرایەوە. ئەو ڕووداوە شۆکێکی گەورە بوو بۆ گەلی ئەرمەن، بۆیە دواتر ئەو ڕۆژە بە شێوەیەکی سیمبولیک بۆ یادی جینۆسایدی ١٩١٥ دەستنیشان کرا.


سەیر لەوەدایە دوای ٤٥ ساڵ لە جینۆسایدی ئەرمەنەکان، بەرپرسێکی پایەبەرزی دەوڵەتی تورک لە ساڵی ١٩٥٩ دا، پێشنیار بۆ حکومەتی ئەو سەردەمە دەکات، هەمان ڕێباز لە دژی کەسایەتییە دیارەکانی کورد پەیڕەو بکات. بۆ زانیاریی زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/Bekir.Shwani/posts/10216065246417822

تێبینی: وێنەکە چەند کەسایەتییەکی ئەرمەنن، لەوانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێ درا.

لە ل ٣ ی ژمارە ٢٧ ی ڕۆژی ٢٥–١٢–٢٠١٨ ی بڵاوکراوەی تاراوگەدا، ئەو نوسینەی بەڕێز کاک (بەکر شوانی)مان بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی (دۆسیەی ٤٩ کەسەکە).




25 December 2018 P.3 TARAWGA N 27

دۆسیەی ٤٩ کەسەکە ...! بەکر شوانی

# شاری ئەمستردام، ڕۆژێک دوای ئاهەنگی جەژنی لە دایکبوونی ڤیلێم ئەلکساندەر پادشای هۆڵەندا...



موزفەر جەعفەر

شارەوانی ئەمستردام نوسیویەتی، ئەوکاتەی کە تۆ هێشتا لە ئاهەنگدا بوویت یان لە ناوجێگایدا نوستبووی، ئەم جوامێرانە شارەکەیان دووبارە خاوێن کردەوە. خەڵکی هەموو بە کۆمێنت دەسخۆشی لە پاککەرەوەکان دەکەن، بە بێ تەشهیرکردن بەوکەسانەی، کە شارەکەیان پیس کردبوو، چونکە ئەمە دیاردەیەکی ئاساییە، لە دوای هەموو ئاهەنگێکی گەورە شار بێت یان هەر شوێنێکی دیکە، کە ئاهەنگەکانی تێدا سازدەکرێت، بێگومان شوێنەکەی پیس دەبێت. لەبەر ئەوە دەبێت، دەوڵەت خزمەتگوزاری تایبەت دابین بکات، بۆ سەیرانگە و شوێنە گشتییەکان و پاشان بە خێرایی خاوێنی بکاتەوە، هەرچەندە هاوڵاتیانیش دەبێت هوشیاری تەواویان پی بدرێت و ڕێنمایی بکرێن، بۆ ئەوەی ئەوشوێنانەی تەرخانکراون بۆ پاشەڕۆک، پاشماوەکانی خۆیانی لێ فڕێبدەن. بەداخەوە ئێمە وەک هەموو نەریتێکی دیکەمان تیژتێپەڕین هەمیشە بە تووڕەییەکی لەڕادەبەدەرەوە ڕووبەڕووی هەموو دیاردەیەک دەبینەوە، بێ ئەوەی چارەسەری بنەڕەتی و تەواو بۆ کێشەکانمان بدۆزینەوە، نامەنەوێ لێرەدا بەراوردی نێوان کوردستان و شارێکی وەکو ئەمستردام بکەین لە کاتی سەیران و ئاهەنگەکاندا، بەڵام بەداخەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، زۆرمان گوت و خەڵکمان تاوانبار کرد.. بڕوانە ئەم وینەیە، لە دوای ئاهەنگی نەورۆزی ئەمساڵ..



# چالاکی کورد لە تاراوگە

## نوسەری کورد ئەنوەر ئەڵمان
## بە 19 کتێبی خۆی بە زمانی ئەڵمانیی و کوردیی بەشداری پێشەنگای کتێبی شاری دوسڵدۆرفی کرد، لە ئەڵمانیا







ڕۆژی 28-04-2019 نوسەر و چیرۆک نووسی کورد (ئەنوەر محەمەد ئەحمەد) ناسراو بە ئەنوەر ئەڵمان، بە کۆمەڵێک کتێبی چاپکراوی خۆی، کە بریتیی بوون لە 10 بەرهەمی کوردیی و 9 بەرهەمی ئەڵمانیی، بەشداری پێشانگای کتێبی شاری دوسڵدۆرفی کرد لە ئەڵمانیا، کە ڕێکخراوی (یانەی نوسەرانی خۆرئاوای ئەڵمانیا) ڕێکی خستبوو. ئەنوەر ئەڵمان، لە ڕۆژی 4 مایسی ساڵی 1954 لە شاری سلێمانی گەڕەکی شێخان لەدایک بووە. یەکێکە لەو نوسەر کوردە چالاکانەی لە مێژە کوردستانی بەجێهێشتووە و لە ئەڵمانیا جێگیر بووە، زمانەکانی ئەڵمانی، زێربی، ڕوسی، فارسی دەزانێت و بەهەردوو زمانی کوردیی و ئەڵمانیی دەنوسێت و بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە، لێرەدا ناوی هەندێک لە نوسین و کتێبە وەرگێڕدراوانەی نوسەر دەهێنین، وەکو ڕۆمانی (ئیسکەندەر) لە نوسینی (هێرمان شوڵتز)، کە دەزگای ئاراس ساڵی 2008، لە بەرگێکی 176 دا بڵاویکردۆتەوە. کتێبی (بە بەرچاوی خواوە) پێتەر گالوس، لە بڵاوکراوەکانی ئەندێشە. کتێبی (تێزی مێژوویی تورک و دۆزی کورد)، وەرگێڕان و ئامادەکردن، نوسینی ئیسماعیل بێشکچی. ڕۆمانی (تەمی خۆر) 232 لاپەڕەیە، نوسینی هێرمان شوڵتز، چاپی یەکەمی ساڵی 2000 لە دەزگای کارلسن- هامبۆرگ و چاپی دووەمی، دەزگای ئاراس ساڵی 2008 چاپی کردووە .

کتێبی (گوڵبژێرێک لە هەڵبەستی فەلسەفی و نوێژەنی ئەڵمانی)، نوسینی خاتوو (کریستینە ئالێرت ویبرانیتس)ی، وەرگێڕاوە بۆ کوردیی، کتێبی (لەبەر دەرگای دەرەوە)، دەقێکە لە لایەن (ڤۆڵفگانگ بۆرشێرت)ەوە نوسراوە و بە زمانی ئەڵمانی خراوەتە سەر شانۆ و کراوە بە فیلم، نوسەر وەرگێڕاوە بۆ کوردیی و ساڵی 2008 لە دەزگای ئاراس چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئەمانە و چەندین کتێبی بەنرخی دیکە، لە لایەن ئەم نوسەرە کوردەوە بڵاوکراوەتەوە.

## پێشەنگای شێوەکاری هونەرمەند پاڵە ساڵح لە شاری لاهای ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی 4 مایسی 2019 دەکرێتەوە

لە ژمارەی *45*ی بڵاوکراوەی تاراوگەدا، نوسینێک و چەند تابلۆیەک و هەواڵی هونەری پێشەنگای تایبەتی هونەرمەندی شێوەکاری کورد، (پاڵە ساڵح)مان بڵاوکردەوە، لێرەدا ئێوەی بەڕێز جارێکی دیکە ئاگادار دەکەینەوە، کە ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی 4 مایسی 2019 کاتژمێر 4 ئێوارە 16.00 لە شاری لاهای پیشانگەکەی بەڕێزیان دەکرێتەوە، تا ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 12 مایسی 2019 بەردەوام دەبێت لەم ناونیشانەی خوارەوە:

Haagse Kunstkring
Denneweg 64, 2514 CJ Den Haag







## هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد



## مەهاباد جـەمال ئەشرەف

لە ساڵی 1972 لە شاری سلێمانی باشوری کوردستان لە دایک بووە. ساڵی 1992 پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی تەواوکردووە.

ساڵی 2008 یەکەم پیشانگەی تایبەتی سیرامیکی لە گەلەری زامۆا لە سلێمانی و دووەم پێشانگەی تایبەتی لە شەقلاوە کردۆتەوە، بەشداری 50 پێشانگەی هاوبەشی لە (سلێمانی، هەولێر و شەقلاوە) کردۆتەوە.

بەشداری خولەکانی گەلەری زاموای کردووە، ساڵی 2010 لە دروستکردنی مۆنۆمێنتی (دەروازەی شەهیدانی شار)ی کردووە لە دووڕێیانی شاری سلێمانی، ساڵی 2018 پێشەنگای تایبەتی سێهەمی سیرامیکی کردۆتەوە.

ئێستا فەرمانبەرە، لە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری سلێمانی.

ئەندامی ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان و سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/mahabad.jamal.351








# تــاراوگــە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807